گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper4

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٤/٣/١٥
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٥/١٥
ڕێــکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# پەیوەندی کولتور بە دروستبونی کەسایەتی تاکی کورد

## توێژینەوەیەکی تیۆرییە

**سلیم بطرس الیاس[١] - ڕۆژگار سعدی صابر[٢]**

Rozhgar.Sabir@su.edu.krd - Selim.Elias@su.edu.krd

[١+٢]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

(پەیوەندی کولتور بە دروســـتبونی کەســـایەتی تاکی کورد) توێژینەوەیەکی تیۆرییە، بە مەبەســـتی زانینی پەیوەندی توخمە کولتورییەکانی وەک نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان لەسـەر دروسـتبونی کەسـایەتی تاکی کورد. کولتوری خۆجێیی ڕۆڵێکی ســـەرەکی لە دروســـتکردنی کەســـایەتی تاکی کوردا هەیە، ئەوان چۆنیان بوێت تاکێکی وا بەرهەمدەهێن، چونکە بەهاو ئاراســـتە و نۆرم و نەریت ئەم پێوەرانەن کە یارمەتی تاک لە چوارچێوەی کولتوری گشـــتی کۆمەڵگا دەدەن بۆ ئەوەی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەم ژینگەیەی کە تیایدا دەژیت. گرفتی توێژینەوەکە لەوەدایە کە تاکی کوردی بە درێژایی مێژو لەناو کۆمەڵگایەکی ناســـــەقامگیردا ژیاوە، بەهۆی ئەمەوە نەیتوانیوە پەیڕەوکردنی لە حەزە تایبەتییەکانی خۆی بکات، هەروەها نەشیتوانیوە لە پرۆسەی گۆڕانی توخمە کولتورییەکان خۆی یەکلایی بکاتەوە.

هەروەها، گرنگی توێژینەوەکەش دەستنیشانی ڕۆڵی کولتور لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاکی کورد لە کارلێک و پەیوەندی بەیەکەوە دیاریکراوە. لەهەمان کاتدا، گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکەش زانینی ڕۆڵی کولتور بوە پەیوەند بە دروسـتبونی کەسـایەتی تاکی کورد. هەروەها دەسـتنیشـانکردنی ڕۆڵی نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان پەیوەند لەسەر ڕەفتاری تاکی کوردی.

لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش ئاڵۆزبونی سـیسـتەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی بوە، تاکی کوردی هەمیشـە خۆی بەدورگرتوە لە شـکانی توخمە کولتورییەکانی، بەجۆرێک ئەگەر ئەم یاسـاو ڕێسـایانەی کۆمەڵگای شـکاند، توشـی گرفت دەبێت، ئەگەر دوبارەی بکاتەوە ئەوا بە لادەر سـەیر دەکرێت، بەم هۆیەوە کاریگەری دەخاتە سەر پایەی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگا و لەنێو خێزانەکەیدا.

لە گرنگترین ڕاسپاردەکانیش بۆ توێژەرانی داهاتو، ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی زیاتر لەسەر نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەند بە دروسـتبونی کەسـایەتی تاکی کورد. هەروەها بایەخدانی زیاتریش بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی زیاتر لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکانی تاکی کوردی.

**کلیلە وشەکان**: کولتور، کەسایەتی، نەریت، بەها.

## پێشەکی

مرۆڤ بەرهەمی کولتورە، کە لە دایکیش دەبێت بونەوەرێکی ئەندامییە، پێنەگەیشـتوە، تواناکانی ئاشـکرا نەبوە، لەگەڵ ئەوەی کە لە ئاستی کرۆمۆسۆمەکانەوە ڕێکخراوە، بەڵام ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی کەسایەتی دیـاری دەکـات، ئەم ژینگەیە هەنـدێکجـار وای لێـدەکـات ببێتە تـاکێکی بلیمەت و زانـا، هەنـدێکجـاریش دایـدەمرکێنێتەوە. مرۆڤ دەتوانێت خۆی لەگەڵ ژینگەکە بگونجێنێت، هەنـدێک جـار ژینگەکەش بگۆڕێت، مرۆڤ وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە مـاوەی ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا پەیوەنـدی بە بنیـادی کۆمەڵگـاو کولتورەکەی دەکـات کە تیـایـدا دەژیت. کەواتە بنیـادی کولتوری کۆمەڵگـا چوارچێوە بنەڕەتییەکـانی ئەم پرۆسـە کۆمەڵایەتیانە دیاری دەکەن، کاردەکەن بۆ دیاریکردن و گۆڕین و ڕێکخسـتن و هەڵسـەنگاندنی ڕەفتـاری تـاک، بەشـێوەیەک لەگەڵ تـاکـدا بگونجێت؛ وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی. بۆیە چۆنییەتی کارلێکردنی لەگەڵ ئەم پرۆسەیە دور و درێژە، کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاک دادەنێت بە ئاراستەکردنێکی باش، یان خراپ.

توێژینەوەکە لە چوار بەشـی سـەرەکی پێکدێت، لە بەشـی یەکەمدا: باسـی یەکەم: چوارچێوەی گشـتی توێژینەوەکەیە، کە تیایدا گرفت و گرنگی و ئامانج و میتۆدەکانی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت. لە باسـی دوەمدا: ناساندن و شیکردنەوەی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە ڕونکراوەتەوە، لەگەڵ ڕای بیرمەند و زانایان. لە بەشـی دوەمدا: باسـی یەکەم: زانینی ڕۆڵی کولتور لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند بە دروسـتبونی کەسـایەتی تاکی کوردی لەخۆگرتوە. لە باسـی دوەمدا: ڕۆڵی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند بە دروسـتبونی کەسـایەتی تاکی کوردی لەخۆگرتوە. بەشـی سـێیەم: ئاشنابون لە ڕۆڵی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند بە دروستبونی کەسایەتی تاکی

کورد ڕونکراوەتەوە. لە بەشـــی چوارەمدا: باســـی یەکەم: دەرئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتەڕو، لە باســـی دوەمدا: پێشنیاری توێژینەوکەی لەخۆگرتوە، لە باسی سێیەمدا: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکەی لەخۆگرتوە.

## بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

## یەکەم: گرفت و گرنگی و ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

### 1-1- گرفتی توێژینەوەکە:

تێگەیشـــتنی کەســـــایەتی پەیوەند بە کولتوری کۆمەڵگای کوردی، کردارێکی ئاڵۆزە، لە یەک گۆشــــەوە کاریگەرییەکەی بزانرێت، چونکە بەپێی تاک و کۆمەڵ گروپە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانیان بەســـــەردا دێت، بەتایبەت ئەوەی پەیوەســــــتە بە ڕۆڵی کولتور پەیوەند بە دروســــتکردنی کەســــایەتی تاکی کورد، چونکە کۆمەڵگای کوردی بەدرێژایی مێژو کۆمەڵگایەکی ناســــەقامگیر بوە؛ کە تیایدا تاکی کورد کەوتۆتە ژێر کاریگەری بنەما کۆمەڵایەتی و ســیاســی و ئابوری و کولتورییەکانی کۆمەڵگاکەمان؛ بەم هۆیەشــەوە تاکی کورد بە تەواوەتی نەیتوانیوە وەک تاکێکی سەربەخۆی پیادەی ئازادی، خۆشەویستی، دەربڕینی بیروڕایی خۆی بکات. لە لایەکی دیکەشـەوە ئەم ڕەوشـە ناسـەقامگیرییەی کە تاکی کورد پێدا تێدەپەڕێت، بوەتە هۆی ئەوەی لەنـاو گێژاوی پرۆســــەی گۆڕانی کولتوری هەنگـاو بنێن، پـاڵنەرو هۆکـارەکـانی بونەتە گرفت و ئاسـتنەگ لەبەردەم کەسـایەتی تاکی کورد. کە لە هەڵسـوکەوتی شـڵەژاوی ڕۆژانەدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەمیش بەهۆی ئەم کپکردنەی کە هەر لە منداڵییوە بەســــەر توانا زیندوەکانی تاکی کوردا جێبەجێکراوە، لە ژێر کاریگەری نەریتی کۆمەڵگا، یان ئەم ســـەرکوتکردنە ســـیاســـییە درێژخایەن و ژێربەژێرەی هاتینە بون کە بونەتە بەشـێک لە بنیادی کۆمەڵگادا. بۆیە ئەم دیاردانە پێویسـتیان بە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسـیانە هەیە، بۆ ئەوەی بخرێتە بەر توێژینەوەی زانســـــتی کە ئایا پەیوەندی گۆڕاوی ســــەرەکی (کولتوری کۆمەڵگای کوردی) بە گۆڕای لاوەکی (کەسایەتی تاکی کورد) چەند ڕەنگدانەوەی لەسەر تاکی کوردی هەبوە، لەهەمان کاتدا، ئایا پەیوەندی (نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان) چەند ڕۆڵی لەســــەر دروســـتبونی کەســـایەتی تاکی کوردا هەیە.

### 2-1- گرنگی توێژینەوەکە:

توێژینەوە لە پەیوەندی کولتور بە دروســــتکردنی کەســـــایەتی تاکی کورد بابەتێکی گرنگە، دەکرێت لە چەندین بوار و ئاســــتی جیاوازەوە گرنگییەکەی بخرێتە ڕو، بەتایبەت لە کرداری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان وەک ڕۆڵی ســـەرەکی لە دروســـتبونی کەســـایەتی تاکی کورد لە کۆمەڵگای

ئێمەدا. لەم ڕوانگەوە چەندین ڕاو بۆچونی جیاواز لەسەر کولتور پەیوەند بە دروستبونی کەسایەتیدا هەیە، وەک بابەتێکی گرنگ و بە بایەخ، لەهەمان کاتدا، ئاڵۆز. سەرەڕای بونی بابەت و توێژینەوەی زانستی و شیکردنەوەی تیۆری، بەڵام هێشتا پێویستیمان بە توێژینەوەی زانستی هەیە لەسەر ئەم بابەتە، چونکە دەبینین دروست بونی کەسایەتی بەپێی کولتوری کۆمەڵگا و ئاستی پێشکەوتنی گۆڕانی بەسەردا دێت. لەڕاستیدا گرنگی بابەتی کولتور پەیوەند بە دروستکردنی کەسایەتی تاکی کورد، بابەتێکی گرنگە بۆ توێژینەوەکە، لەبەر ئەوەی کردارێکە ئاشنایەتیمان بە ڕۆڵی نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگای تاکی کورد زیاتر دەکات و کاریگەری پەیوەندی ئەم کردارانەمان بۆ ڕون دەکاتەوە.

ئەنجامدانی توێژینەوەکە لەکاتێکدایە کە کەسایەتی تاکی کورد بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری هەنگاو دەنێت، بۆیە دەمانەوێت گرنگی توێژینەوەکە لە پەیوەندی کولتوری کۆمەڵگا پەیوەست بە کەسایەتی تاکی کورد بخەینەڕو، لەهەمان کاتدا، دەستنیشانی گرنگی نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای کوردی پەیوەست بە دروستبونی کەسایەتی تاکی کورد دیاری بکەین.

## 1-3- ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- زانینی ڕۆڵی کولتور لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند بە دروستبونی کەسایەتی تاکی کورد.

2- دەستنیشانکردنی ڕۆڵی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەند بە دروستبونی کەسایەتی تاکی کوردی.

3- تێگەیشتن لە ڕۆڵی بەها کۆمەڵایەتییەکان پەیوەند بە دروستبونی کەسایەتی تاکی کورد.

## 1-4- میتۆدی توێژینەوەکە:

### 4-1-1- میتۆدی وەسفی شیکاری:

لەم توێژینەوەدا میتۆدی وەسفی شیکاریمان بەکار هێناوە. چونکە ئەم میتۆدانە تەنیا بە وەسفکردنی دیاردەک ناوەستێت، بەڵکو پەنا بۆ شیکردنەوە و ڕونکردنەوەی هۆکارەکان دەبات و بایەخ ڕەوشی ئێستا دەدات (ئەبراش، ٢٠١٣: ٢٤٦).

## دوەم: دیاریکردن و ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

### ٢-١- کولتور: (Culture)

وشەی کولتور (Culture) لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە بە مانای چاندن و کشتوکاڵ هاتوە؛ دواتر وردە وردە لەگەڵ پێشـــکەوتنی تەکنەلۆجیاو زیادبونی داهێنانەکانی مرۆڤ، وشـــەی کولتور لە چاندن و کێڵانی زەویەوە بۆ کێڵانی فکر گوازراوەتەوە، ماناو واتای کولتور، خۆی سەپاند (کوش، 2007: 17).

یەکەم کەس کە ئەم زاراوەی بەکارهێناوە، ئەدوار تایلەر مرۆڤناسی بەریتانی لە ساڵی 1871 لە کتێبێکدا بەناوی کولتوری ســـەرەتایی، (Primitive Culture) بەکارهێناوە؛ پێیوایە: کولتور یەکەیەکی لێکدراوە، پێکهاتوە لە زانیارییەکان، بیروباوەڕەکان، هونەر، یاســـا، ڕەوشـــت، دابونەریتەکان، هەمو ئەوانەی تاک بەدەستیدەهێنێت لە کۆمەڵگادا، بەو پێیەی ئەندامێکە تیایدا (Barnard And Spencer, 2008: 208).

هەروەها کولتور بریتییە لە هەمو ئەم دەســـکەوتە ماددیی و مەعنەویانەی کە لە ماوەی هەمو مێژوی کۆمەڵگـا بەدەســـتهـاتون بۆ بەڕێوەبردنی ژیـانی ڕۆژانە؛ کە دەبێتە دو بەش: کولتوری مـاددی: هەمو پێداویستییە بەردەستەکانی وەک جلوبەرگ و خانو و پێداویستییەکانی ناوماڵ دەگرێتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا کولتوری ماددیی هەمیشـــە خۆی نوێ دەکاتەوە، هەندێ توخم و ڕەگەزی تازە شـــوێنیان دەگرنەوە، کەلوپەلاکانی پێشـوش دەبنە کەلەپور و دەچنە مۆزەخانەکان. کولتوری مەعنەویش: زمان و ئایین شـێوازی فێربونی زانسـت و جۆری ڕۆشـنبیری ئەم کۆمەڵگایە لەخۆ دەگرێت کە تیایدا دەژێت. مەرجیش نییە توخمە کولتورییەکان کە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا پەیرەو دەکرێت هەموی دروست بێت، یان هەڵە بێت (میران[1]، 2010 : 45).

کەواتە کولتور یەکگرتنێکی تەواوی زانیاری و بیرو باوەڕو ڕێگاکانی بیرکردنەوە و دەربڕین و ڕێگای پەیداکردنی بژێوی و پێشـــەی دەســـتی و دیاردە باوەکانی دیکەی نێوان تاک و کۆمەڵگا دەگرێتەوە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی لە ڕێگای کارلێکی کۆمەڵایەتی دەگوازرێتەوەر. نەوەک لەرێگای بۆماوەوە. کولتور وەک دیاریکردنێکی ڕەوشـت لە زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانی ئێسـتا بایەخێکی باشـیان پێداوە، (هۆبز) پێیوایە: مرۆڤ بونەوەرێکی خۆپەرســـتتە و توندوتیژە، بەدوای هێزدا دەگەڕێت. (ئادەم ســـمث) پێیوایە: مرۆڤ بونەوەرێکی ئـابورییە، ئەم بیرو بۆچونـانە، یـان گریمـانـانە هۆکـاری دەرونی و کۆمەڵایەتی بەهـا باوەکانی ناو کۆمەڵگان (النیل، 2009: 414).

کولتور و پێگەیـانـدنی کۆمەڵایەتی گرنگییەکی زۆریـان هەیە لە هەردو زانســـتی کۆمەڵنـاســـی و ئەنثرۆپۆلۆجیادا؛ هەردوکیان ئاماژە بە دەسـتوەردانی مرۆڤ دەکەن بۆ ڕودان و پەیوەندی شـتەکان لەنێو ژیانی ســروشــتی و کۆمەڵایەتیدا. هەردو پرۆســەی کولتور و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە پابەندن، هەریەکەیان پەیوەندی بەوەی دیکەیانەوە هەیە، تاک کولتوری کۆمەڵگا وەردەگرێت لەمیانەی ئەم پێگەیاندنە

کۆمەڵایەتییەی کە هەر لە سەرەتای ژیانییەوە هەتا کۆتایی ژیانی لەگەڵیدایە، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیش ئەوانەن کە بەرهەمە کولتورییەکان بۆ نەوەکانی داهاتو دەگوازنەوە (خزاعلة والأخرون، 2017: 39). هەر چەندە بازنەی زانین و بەریەککەوتنی لەگەڵ ئەوانی دیکە وەک قوتابخانەو گروپەکانی هاوڕێیان و گروپەکانی پیشەو چینە جیاوازەکان زیاد بکات، ئەوا وەرگرتنی زیاددەبێت، لەبەر ئەوەی کولتور بۆماوەیی نییە، بەڵکو بەگشتی ئەنجامی داهێنانی کۆمەڵایەتییە، لەڕێگەی فێربونەوە، بە ڕێگەی مەبەستدار، یان بێ مەبەست لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە (عەبدولجەواد، 2020: 97).

لەهەمان کاتدا، کولتور وەک فاکتەری سەرەکی لە پەروەردەکردنی کەسایەتی تاکەکاندا ڕۆڵی هەیە، کولتور یان شێوازی ژیان، یان شێوازی کەسایەتی جیاواز لەهەر کۆمەڵگایەکدا بەپێی جیاوازی کولتوری کۆمەڵگاکە بەرهەمدێت، لەنێوان کولتور و کەسایەتیدا پەیوەندییەکی هاوبەش هەیە، بەو مانایە هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوەیدیکەیان نابێت، بگرە کاتێک باسی یەکێکیان دەکەیت، وەک ئەوە وایە کە باسی ئەوەی دیکەشمان کردبێت، دەکرێت بڵێین کولتور و کەسایەتی یەکتری تەواو دەکەن، بەڵام نەک لە بازنەیەکی داخراو، بەڵکو هەر یەکەیان گۆڕانکاری لەوی دیکە دروست دەکات، بەشێوەیەکی دینامیکانە پەیوەندی نێوان ئەم دوانە بەردەوامە (حسین، 2021: 56).

کولتور بەدیهێنەری بەهاکانە بۆ ئەوەی تاک ڕاستی لە هەڵەکان جیابکاتەوە، تا لە داهاتودا بتوانێت هەندێک ڕاستی بۆ خۆی هەڵبژێرێت، هەر کۆمەڵگایەک تاکەکانی ڕوبەڕوی ئەم تاقیکردنەوە دەکاتەوە، کولتور بەدیهێنەری ئەم قارەمانەیە کە بۆ ئەوانی دیکە دەبنە سەر مەشق، کەواتە کۆمەڵگا خەڵکێک دەگرێتەوە کە لەیەک کولتوردا هاوبەشن، دیارە کە وێڕای سودوەرگرتن ڕۆڵێکی کاریگەری تیادا دەگێرن، هەر کۆمەڵگایەک لە شێوەی یەکەیەکی پراکتیکیدا کاردەکات، تاکەکانی کۆمەڵگای خۆجێی هەستی وابەستەبون بە کۆمەڵگایان هەیە، بەجۆرێک لە ناخی کۆمەڵگادا جێگیر دەبن و لەبەرامبەر یاساکانی پرۆسەی کاروبارەکانی کۆمەڵگادا ملکەچ دەبن (دزەیی، 2022: 690).

کارل مارکس (1818-1883) پێی وایە: کولتور دیاردەیەکی مێژوییە لە گشت بەها مادیی و روحییەکان پێکدێت، ئامرازەکانی دروستکردن و بەکارهێنان و گواستنەوەی بەهاکان لە کۆمەڵگادا لە ڕێگای بەرەوپێشچونی ڕەوتی مێژو بەدیدێت؛ ئەم سیستەمانەی کە یەک لەدوای یەک دێن، پەرەسەندنی کولتور دیاری دەکەن، کولتوریش لە هەر کۆمەڵگایەکی چینایەتیدا مۆرکێکی چینایەتی وەردەگرێت، جا پەیوەندی بە ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆجی کولتورەکەوە، یان ئامانجەکەیەوە هەبێت (Marx and Engels, 1974: 42).

مارگرید مید: ( 1978--1901) مرۆڤناســـــی ئەمریکی پێی وایە: بەردەوامبونی گواســـتنەوەی کولتور و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی وادەکەن کە تاک بیربکاتەوە، لە ئەنجامی ئەمەشـــــدا نمونە پەروەردەییە جۆراو جۆرەکان لە پێناوی تێگەیشـــتنی دیاردەی کولتور لە تاک و لێکدانەوەی ڕواڵەتە باوەکانی کەســـــایەتی بەدیدێت (کوش، 2011: 65).

الفرید کروبەر و کلارید کلۆکۆهۆن (1960–1905) هەردو مرۆڤناســـــانی ئەمریکی پێیان وایە: کولتور شێوازە جیاوازەکانی ژیانە کە مرۆڤ بەدرێژایی ژیان پێیگەیشتوە، شتە شاردراوە و ئاشکراکانی کولتور، ژیری و ناژیری، کە لە کاتێکی دیاریکراودا هەن دەبنە شێوازەکانی ئاراستەکردن و ڕێنماییکردنی تاکەکان. بێگومان کولتور دیاریکردنی کۆمەڵگایە، کاتێک کە دەڵێن کولتور ئەندامییەتی تاک دیاریدەکات، تەنیا لە شـــێوازێکی دەربڕین، ئەوەی کە بە کردار تێبینی دەکەین؛ کولتور بریتییە لە پەیوەندی نێوان تاکەکان، ئێمە کولتور نابینین هەروەک چۆن هێزی کێشـــکردنی نابینین، کولتوریش پێکهاتەیەکی گریمانەییە، یارمەتیمان دەدات لەڕێکوپێکیە دیاریکراوەکانی مرۆڤ تێبگەین (Kroeber and Kluckhohn, 1952: 144).

عەلی وەردیش (1995 -1913) پێیوایە: کەســـــایەتی تـاکی کورد دەرئەنجـامی ئـاراســـتەکـانی کۆمەڵگایەکەیەتی، بەتەواوی پەیوەســـتی نەریتەکانی کۆمەڵگایەکەیەتی، هەمیشـــە خۆی بەدوردەگرێت لە شکانی نەریتەکانی، بەجۆرێک ئەگەر ئەم یاساو ڕێسایانەی کۆمەڵگای شکاند، توشی گرفت دەبێت، ئەگەر دوبارەی بکاتەوە ئەوا بە لادەر ســـەیر دەکرێت، بەم هۆیەوە کاریگەری دەخاتە ســـەر ڕێزگرتنی لە ناو کۆمەڵگـا و لەنێو خێزانەکەیدا؛ بەمەش توانیویەتی پێکهـاتە کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئـاکـاریـانەی خۆی بپارێزێت، کە لەسە بنەمای چاکەیەکی بۆماوەیی بنیادنراوە، وەستاوەتە سەر مێژوی دوری پەیڕەوکردنی، بێگومان ئەم ڕێسا ئاکاریانەش بابەتێکە ڕودەچێتە نێو هەناوی نەریتی نەتەوەییەوە (وەردی، 2015: 156).

لە دەرئەمجامی ئەم پێناسانەی خستمانەڕو، دەگەین بەم پێناسەیەی کە لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەماندا دەگونجێت و ئەویش کولتور: بریتییە لە هەمو ئەم بەرهەمە ماددی و مەعنەویانەی کە کۆمەڵگا لە میانەی کاروانێکی مێژوی دور و درێژ کە چەندین نەوە تیایدا بەشدارن، بەدەست دێت، کە تایبەتمەندی بە کۆمەڵگا، کەسایەتی دەبەخشێت.

## ٢-٢- کەسایەتی: (The Personality)

کەسایەتی بەرهەمی بۆماوە و پەروەردەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیە کە کەسێک لە کەسێکی دیکە لە ڕوی توانای ژیری، ویژدان، هەڵچون، پێکهاتەی لەش، کردارە فســـیۆلۆجییەکان و شـــێوازی گونجان لەگەڵ ئەم ژینگەیەی کە ئەم تاکە تێیدا دەژیت جیاوازە.

کەســـــایەتی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی دەرونییە و کۆمەڵایەتییە، کە پاشـــــخانی و بۆماوەیی تاک و مێژوی فێرکردن و ئەم شێوازانە دەگرێتەوە کە کاریگەریان لەسەر تێکردن و هاندان و هەڵسوکەوتە مەعریفییەکانی خۆی دەکات لە بارودۆخە جۆراو جۆرەکاندا، کە پاشـــخانی ئاڵۆز و پێشـــینەی بۆماوە و کەســـەکە لەخۆدەگرێت؛ وا لە تاک دەکەن بەدەنگ وروژێنەرەکانەوە بێت (Rychman, 2006: 4). کەسایەتی دەکرێت بە شـێوازی تایبەتمەندی تاک پێناسـە بکرێت لە فیکر و هەسـت و ڕەفتاردا، لەگەڵ میکانیزمە دەرونییەکان، شـاراوە، یان ئاشـکرا، لە پشـت ئەم نمونانە، بۆیە ئەم چەمکە بەئاڵۆزترین چەمکی دەرونزانی و کۆمەڵایەتی دادەندرێت، کە سـەرجەم تایبەتمەندییە جەسـتەیی و ژیری و هەڵچون ولایەنە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، کە کەسێکی دیاریکراو کارلێک لەگەڵ ژینگەیەکی دیاریکراو دەکات (Funder, 2007: 47).

کەسـایەتی وشـەیەکە لە (Person) لاتینی کۆنەوە وەرگیراوە، کە لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا باو بوە، ئاماژە بە ڕوخسـاری دەرەکی کەسـەکە دەکات، ئەو ڕوخسـارەش ڕواڵەتییەی کە بۆ خەڵکی دەوروبەر پیشان دەدرا. لەگەڵ ئەم ڕۆڵەی کەسەکە دەینواند، یان پێویستە بینوێنێت لەناو تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگادا؛ کەواتە بە پشـتبەسـتن بە وەرگیراوەکەی، دەتوانین بڵێین کەسـایەتی ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندییە دەرەکی و بینراوەکان، ئەو لایەنانەی کە کەسـانی دیکە دەتوانن ببینن. پاشـان کەسـایەتیمان لەڕوی ئەو کاریگەرییەی کە لەسـەر ئەوانی دیکەدا جێدەهێڵین، واتە کەسـایەتی لایەنی بینراوی کارەکتەری مرۆڤە، کە چۆن کەسـانی دیکە سەرسام دەکات (Schltz and Schultz, 2005: 9).

ئەمیل دۆرکایمش: (1917 -1857) پێیوایە: کەســـــایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵگا و عەقڵی تاکەکانی کار لەســـەر چەســـپاندنی ســـیما بنەڕەتییەکانی دەکەن، بەجۆرێک تاک هەر لە منداڵییەوە تاوەکو پێگەیشـــتنی هەڵگری کۆمەڵێک ســـیفات و تـایبەتمەندی کۆمەڵگاکەی دەبێت؛ کە لە ئەنجامی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانەوە کەسایەتی تاک بەدەردەکەوێت (عبدالله، 2003: 21).

هەروەها دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕەفتارییش، جۆن واتســـۆن (1958 -1878): پێیوایە: کەســـــایەتی بریتییە لە ســـەرجەم ئەو چالاکیانەی کە دەتواندرێت هەســـتپێبکرێت و بزاندرێت لە ڕێگای ســـەرنجدانی ڕاستەقینەی ڕەوشت و هونەر و توانا و مێژوی ژیان و گونجانی کەسەکە، تا بتواندرێت کۆمەڵێک زانیاری باوەڕپێکراو بدات بەدەستەوە (ربیح، 2012: 33).

گۆردن ئەلبۆرت (1967-1897) ســـەرەڕای ئەوەی جەخت لە پێکهاتەی ناوەوەی کەســـــایەتی دەکات، لەهەمـان کـاتـدا، بـایەخ و کـاریگەری لایەنی دەرەکی لەســـــەر کەســـــایەتی فەرامۆش نەکردوە، پێیوابوە:

کەســـــایەتی بریتییە لە ڕێکخســـــتنێکی جولەیی (Dynamic) ناوەوەی تاک، کە لە ئامێری دەرون و لەش پێکدێت، ڕەفتار و بیری تاک لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیاریدەکات (Allport, 1961: 194).

ئەریک فرۆم (1900-1980) پێی وایە: کەســــــایەتی بەرهەمی کارلێکی نێوان هۆکارە بۆماوەییەکان و ئەزمونی تاکە کە لە ژیاندا ڕوبەڕوی دەبێتەوە، بەمەش بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگا دەتوانێت توانا بۆماوەییەکان بۆ توانا کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕێت، کە بریتییە لە ناوکی کەســــایەتی کۆمەڵایەتی، کە کۆمەڵە توخمەکانی کولتور بەشداری تێدا دەکات (فرۆم،2007: 84).

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی کە خستمانە ڕو، دەتوانین پێناسەی کەسایەتی بکەین: بریتییە: لە کۆمەڵە پەســــنێکی دەرونی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشــــتی مرۆڤ، کە بەهۆیەوە لەژێر کاریگەری بۆماوە و ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتوری، نمایش لە بەرامبەر ڕۆلە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا دەکات.

## بەشی دووەم: پەیوەندی نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دروستبونی کەسایەتی:

چەمکی نەریت (Custom) لە ڕوی زمانەوانییەوە بە مانای ڕاهاتنی خەڵک و قایل بونیان لەســـــەر پەیڕەوکردنی ڕەفتارێکی پەیویست بە بابەتێک، یان لایەنێک لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دێت؛ باوەڕبون بەوەی کە ئەم ڕەفتارە پەســـــنی ناچاریی هەیە، پێویســــتە ڕێزی لێبگیرێت، جا لەبەر ویژدان و ئاکار، یان لەترسی سزادانی کۆمەڵایەتی بێت. لە ڕوی یاسایشەوە کۆمەڵێک بنەمای نەنوسراوە کە زۆرینەی خەڵک پابەندی بۆی هەیە (الداودی، 2004: 154).

نەریتیش لە کارتێکردنێکی وەرگیراوەی کۆمەڵایەتی کە تاک لەم کۆمەڵگایە وەریدەگرێت کە تیایدا دەژیت و تیایدا پەروەردە دەبێت، ئەم نەریتانەش شـــــوێنێکی پیرۆزیان لای زۆرینەی تاکەکاندا هەیە، بە ڕێزەوە ســەیر دەکرێن. نەریتیش: بریتییە لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی ڕێساکان کە مرۆڤ لە ژینگەیەکدا پەیڕەوی دەکات، لە هەڵســــوکەوتەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە، زۆرینە ڕێزی لیدەگرن و گوێڕایەلی دەکەن (لرشـــــدان، 1999: 161).بەشـــێوەیەکی گشـــتیش نەریت لە ڕاهاتنی خەڵکە لەســــەر ڕەفتاری دیاریکراو لە لایەنێک لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ ماوەیەکی درێژ، دواتر بڕوا بون و پابەند بون بەم ڕەفتارە دەبێتە هۆی ڕێزگرتنی کۆمەڵایەتی، پابەند نەبون پێی دەبێتە هۆی سزادانی (العیدلاوي، 1971: 569)

مرۆڤ هەر لە ســــەرەتای ژیانییەوە بە کۆمەڵێک نەریتی جیاواز دەورە دراوە، بەپێی قۆناغەکانی ژیان وەریان دەگرێت، باش و خراپەکانیان لەیەک جیادەکاتەوە، دەبنە بەشـێک لە بنیادی کەسـایەتی. نەریتەکان بنەمایەکی بەهێزن لە کۆنترۆلکردن و ئاراســـتەکردنی ڕەفتاری تاک، لەمیانەی قۆناغە جیاوازەکانی ژیان و

بە پێگەیشتنی هوشیاری، شارەزاییان لە بارەیەوە پەیدا دەکات. بۆیە مرۆڤ لەو کاتەوەی دێتە بون لەگەڵ نەریتەکان دەژیت، ناتوانی پشتگوێیان بخات، چونکە بونەتە بەشێک لە کەسایەتی (Benedict, 1935: 3).

لە کۆمەڵگای ئێمەشدا هەندێک ڕەگەزی مەعنەوی کولتوری وەک: فیکرەیەک، بیرۆکە، بۆچونی چەسپاو، چەقیو و نەبزێون. ئەم جۆرە فکرە و بۆچونانە ڕەگی مێژویان هەیە و لە ڕەوتی ئەزمونەکانی ژیانەوە دروست بون، بون بە نەریت و توخمێکی شێوازی بیرکردنەوە، لەهەمان کاتدا، هۆشیاری کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن، بون بە بەشێک لە کولتور، ئەم بیرۆکەیەش (Stereotype) وەکو هەمو توخمێکی کولتوری ڕوبەڕوی گۆڕان دەبنەوە، چونکە لە هەندێک حاڵەتدا لەگەڵ هەلومەرجەکانی ژیانی سەردەم ناکۆکن، یان زیانبەخشن.

**نمونەی هەندێک بیرۆکەش کە (Stereotype) لە کۆمەڵگای کوردیدا بونیان هەیە لەوانە:**

- جێگەی سروشتی ئافرەتماڵەوەیە.
- منداڵ بەرامبەر لەخۆی گەورەتر نابێت قسە بکات.
- باوک، یان براگەورە دەسەڵاتدارە لە نێو خێزاندا.
- بە ڕەوا یان نارەوا پشتی برای خۆت بگرە (میران1، 2010: 76– 78).

بۆیە چالاکی کولتوری تەنیا وەرگرتنی بەها کولتورییەکانی ڕابردو نییە، بەڵکو توخمی سەرەکی ئەم چالاکییە، بریتییە لە توانای مرۆڤ لە داهێنانی بەهای نوێ، داهێنانی بەهای کولتوری نوێ، ئەمە چالاکییەکی داهێنەری بەهرەمەندی مرۆڤە، کە لە هەندێک دیاردەی چۆنایەتی و چەندایەتیدا خۆی دەنوێنێت، چونکە ئامانجی ڕاستەقینەی کولتور، لە ئەنجامدا، بریتییە لە دەرخستنی بەهرەی داهێنانی تاکەکەس و گەشەپێکردنی کەسایەتییەکەی (میران[2]، 2016: 307). هەروەها شێوازەکانی پەیوەندی بێ زارەکی؛ واتاکان کە بۆ هەستەکان و ڕێساکان دەگێڕنەوە کە حوکمی دەربڕینی گشتیان هەیە، نزیک دەبێتەوە بۆ چارەسەری کێشەکان، باوەڕەکان دەربارەی ئازار پۆشین، کاری چوارچێوەی پزیشکی؛ پێناسەکانی قەڵەوبون؛ پەیوەندی بە گیانەوەرەوە؛ ڕۆڵی جێندەر؛ نۆرمەکانی سێکسی، چەمکەکانی تاک بەرامبەر بە کۆمەڵ، ئەوەی کە خاوەندارێتی پێکدێنێت، باوەڕەکان دەربارەی پیری، چەمکەکانی منداڵی و کات و ئاسایی و دیندارێتی، جوانی، خێزان و ڕەگەز و جەستە و مردن ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەم کایانەی کولتورمان هەیە (Diangelo, 2016: 28).

ئەندامانی کۆمەڵگای کوردیش پەیوەستن بە دابونەریتی کوردەوارییەوە، بەهۆی پەیوەستبونیانەوە دوردەکەونەوە لە کاری خراپ و نەشیاو، هەوڵدەدەن هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان لە چوارچێوەی دابونەریتی

کۆمەڵگا ئەنجام بدەن. لەهەمان کاتدا، لە پاڵ دابونەریت چەندین توخمی کولتوری وەک: یاسـا، دەسـەڵات ئایین، پەیوەندیان لە چەسـپاندن و بەڕێوەبردن سـیسـتەمی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بەڵام لەگەڵ پێشـکەوتنی ژیانی ڕۆژانە، دابونەریتی کوردی گۆڕانی بەسـەر دادێت، لەگەڵ بەرزبونەوەی ئاسـتی هوشـیاری خەڵک، هەندێکیان لاواز بونە، کە بوەتە هۆی ئەوەی لەگەڵ ئەم گەشەکردنە خۆیان بگونجێنن. لەهەمان کاتدا، زۆر دابونەریتی کۆن هەن تاوەکو ئێستاش لەناو کۆمەڵگای کوردی هەر ماون و تاکی کوردی پێیوەیان پابەندن وەک: گەردەن ئازدکردنی یەکتر، یارمەتیدانی کەسـانی هەژار، یادکردنەوەی ئاهەنگی نەورۆز، قوربانی کردن لە جەژنی قوربان، بەخاکسـپاردنی مردو، بەشـداری لە پرسـە... نەوە دوای نەوە ئەم کارانە دوبارە دەبنەوە، بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی گۆڕانیان بەسەر دادێت (أحمد، 2022: 115).

## بەشی سێیەم: بەها کۆمەڵایەتییەکان:

لە بنەمادا بەها وشـەیەکی گریکی کۆنە، لە زمانی لاتینیدا لە وشـەی (Valeres) بە مانای هێز، خێر، جوانی هاتوە (Guston, 1979: 453).

بەها کۆمەڵایەتییەکان بریتیشـە لە ڕێکهاتوەکی ڕەوشـتکاری کە ئاراسـتەی ڕەفتاری تاک دەکەن لە کاتی کارلێک و هەڵسـوکەوتنیدا لەگەڵ تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگادا، تیشـک دەخەنە سـەر پێگەی تاک لە ناو تاکەکانی دیکە، ئاوات و ئامانجەکانی دەستنیشان دەکەن لە گشت قۆناغەکانی ژیانیدا (أسماعیل و أخرون، 1994: 22).

هەروەهـا بەهـا کۆمەڵایەتییەکـان بەرهەمی کۆمەڵگـان و دیـاردەیەکی کۆمەڵایەتین، هێز و تەوژمی کۆ واتایان بەدەسـتە، کۆمەڵگاش ئەرکی پاراسـتنیان لە میانەی ڕێکخسـتنە جۆراو جۆرەکانەوە بۆ فەراهەم دەکات، ڕۆڵی بەرچاو لە دەسـتنیشـانکردنی ئەرک و پێگە کۆمەڵایەتییەکان و پاراسـتنی بنیاد و تەونی کۆمەڵایەتی و یەکگرتنی کۆمەڵگا دەگێرن (الزلیاني، 1973: 54).

بەها هەر لە کۆنەوە لە بیری مرۆڤدا پێگەیەکی فراوانیان هەبوە، چونکە لە هەمو بوارەکانی ژیاندا هەیە، هەر یەک لە فەرمانڕەواکان، پەروەردەکاران، فەیلەسوفان، بایەخیان بە بەهاکان داوە؛ بۆ نمونە لە یاساکانی حامۆڕابیدا بایەخ بە ڕێکخستنی کۆمەڵگا، یاسادەرکردن، بەهاکانی ژیان دراوە. لە شارستانییەتی میسریدا لە بواری بەهادا بایەخیان بە کاری بە کۆمەڵ و کاری باش و خۆشـەویسـتی خەڵک و گوێڕایەڵی داوە. لە شـارسـتانییەتی هیندیشـدا بایەخیان بە گوێڕایەڵی و تەواوکاری ڕەوشـت و پەروەردەکردنی دەرون داوە. هەروەها لە شـارسـتانییەتی چیندا بەتایبەتی لە لای کۆنفۆشـیوس، بایەخ بە زیندوکردنەوەی ویژدان، جێبەجێکردنی ئەرکەکان، ڕێزگرتنی خەڵک دراوە. لە سـەدەی نۆزدەهەمیشـدا بایەخیان بە ژیانی مرۆڤ

داوە، بەتایبەتی لە قۆناغەكانی پێكهێنانی كەسایەتی، ڕواڵەتەكانی ڕەوشت و ڕێگای ئاراستەكردنی خەڵكدا (أبراهيم، 1987: 140).

ئەركی كولتور گواستنەوەی بەها كۆمەڵایەتییەكانە، بەهاكانیش بریتین لەم باوەڕو و ڕوانگانەی كە دەبێت لە كۆمەڵگادا بێنە دی و ببن بە بەشێك لە ژیانی خەڵك؛ ئەم بەهایانەش دەستنیشانی باشی و خراپی ژیانی ئەم كردارانە دەكەن كە وەك پێشنیار لەبەردەمی تاك دادەندرێن. بەهاكانیش لەسەر باوەڕە گشتییەكانی كۆمەڵگا دادەڕێژرێن، ڕوانگەی زۆر ڕوت و گشتی و خاوەنی پێوەری هاوبەشن بۆ بڕیاردانی كۆمەڵایەتی، وەك ڕێزگرتن بە ئازادی تاك، هەلی هاوبەش بۆ هەموان، ڕێزگرتن لە ئازادی ئافرەت، یارمەتیدانی پەكەوتوان و لێقەوماوان؛ دەكرێت بەهاكان پێچەوانەی هەندێك لەم چەمكانەش بن، وەك ئازادی ئافرەت و ئازادی تاكەكەسی (قادر، 2021: 13).

كۆمەڵگای مرۆڤایەتی جیاوازە، لەژێر ڕۆشنای ئەم جیاوازیەشدا بەهاكان جیاوازن، هەر كۆمەڵگایەك كۆمەڵە باهاو پێوەری كۆمەڵایەتی هەیە كە لەگەڵ ژینگەكەیدا دەگونجێت، هەر كاتێك كۆمەڵگاكان گۆڕان، بەهاو پێوەرەكانیش دەگۆڕێن؛ بەپێی ئەوە هەر زانستێك بەپێی بیروبۆچونی خۆی سەیری بەهاكان دەكات، زانایانی كۆمەڵناسیش پێیانوایە بەهاكان ئەو ڕاستیانەن كە پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكە دەردەبڕن، هەروەها بایەخ بەوە دەدەن كە ئەو بەهایانە لە كۆمەڵە كەسێك بۆ كۆمەڵێكی دیكە جیاوازە، چونكە كۆمەڵەكە لەڕوی كۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری جیاوازن. لەهەمان كاتدا، بنەمایەكی هاوبەشیان لە نێو تاكەكانی كۆمەڵگادا هەیە، هەندێكیان گشتین سنوری كات و شوێن دەبەزێنن، وەك بەهای دادپەروەری، ڕاستگۆیی، دەستپاكی، ئازادی، خاكەڕایی، لێبوردن، ئارامی، نەرم و نیانی، ڕێزگرتن، یارمەتیدان، كە هەمو ئەم بەهایانە خۆشەویستی و ڕێزیان هەیە لای هەمو گەلانی جیهان.

## 1-3- بەها كۆمەڵایەتییەكانی تاكی كورد:

كۆمەڵگای كوردی لەسەر سیستەمێكی كۆمەڵایەتی بنیادنراوە، كە كولتوری تایبەت بە خۆی هەیە و جۆرەها بەهای باوی نێو ئەندامەكانی گوزارشت لەو كولتورە دەكەن، واتە بەهاكانی كوردەواری ئاوێتەی ئەم كولتورەن كە سیستەمە كۆمەڵایەتییەكە بەڕێوە دەبەن. كۆمەڵگای كوردیش لە قۆناغی وەرچەرخان دایە، تیایدا چەندین توخمی كولتوری كۆن و تازە ئاوێتەی یەكدی بون، بەجۆرێك كە ڕەوشێكی كولتوری تەماوی ئاڵۆزین لەنێو ئەم كۆمەڵگایەدا داهێناوە، كەواتە بەهای كۆن و نوێ تێكەڵاو بون، ئەمەش بابەتێكی زۆر ئاڵۆزە، بەڵام سەرنجڕاكێشە بۆ توێژینەوە لە كەسایەتی تاكی كورد، تاكی كورد چۆن بیردەكاتەوە،

چی بەلایەوە گرنگە، ڕەفتار و هەڵســوكەوتو و هەڵوێســتەكانی چی بەهایەكیان لە پشــتە.. (میران[3]، 35 :2021).

## لە گرنگترین بەها كۆمەڵایەتییەكانی تاكی كورد بریتین لە:

### 1- شەرەف (ئابڕو)

شــەرەف لە كۆمەڵگای كوردیدا بەهایەكی بەرزی هەیە، توندیش بە ئافرەت بەســتراوەتەوە، ئابڕوچون واتە سەرشۆڕی، یان لەكەداركردنی شەرەف، ئەمەش كۆمەڵگای كوردیدا هەرگیز ڕێگاپێدراو نییە، زۆرجار توندوتیژی و خوێن ڕشـتنی لێدەكەوێتەوە، بۆیە پارێزگاری لە شــەرەف ئەركی لەپێشــینەی پیاوی كوردە. پیاوان بەهۆی ئەم پارێزگارییەوە هەســت بە ســەربەرزی لەناو كۆمەڵگادا دەكەن، هەســت دەكەن شــكو و كەرامەتیان پارێزراوە (میران، 2021: 91).

پیاوی كورد لە ترسی ئابڕوچون فشاری زۆری خستۆتە سەر خۆیی و خێزانەكەی، بەتایبەتی بۆ سەر ڕەگەزی مێ، هاموشـۆی زۆر شـوێنی گشـتی لێ قەدەغە كردون، لە بەشـێكی زۆریان هاموشـۆی خزمان و دراوســێشــیان لێ قەدەغە دەكرێت، ئابڕوچونیش بەپێی كولتوری كوردەواری عەیبەیەكی گەورەیە. بۆیە ڕێگا بە مێینە نەدراوە پەیڕەوی ژیانی ئاسـایی و ئارەزوە تایبەتییەكانی خۆی بكات، تەنانەت بەشـێكی زۆر لە مێینەكان ئاشـنایەتیان لەگەڵ گەڕەكەكانی شـارەكەی خۆیان نییە. خێزان ترسـێكی زۆری لە دەمی خەڵك هەیە، چونكە كۆمەڵگای كوردی وەك زۆرێك لە كۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەكان، شــكۆ و كەرامەتی تاك بەپێی یاسا بەتەواوەتی نەپارێزراوە (حەسەن، 2020: 39- 40).

### 2- ئازایەتی:

ئازایەتی، بەجەرگی، چاونەترسـی، بەهایەكی گرنگی تاكی كوردە، تا ئێسـتاش ڕۆڵی كاریگەری لەدەسـت نەداوە، هەڵگری ئەم خەســڵەتە بەچاوی ڕێز و ســتایشــەوە لەلایەن تاكەكانی دیكەی كۆمەڵگاوە ســەیر دەكرێت، تاكی كورد هەمیشە پەنای بۆ بردوە و پیادەی كردوە، ئازایەتی تاكی كورد لە گشت بوار و پرسە كۆمەڵایەتی، سـیاسـی، ڕۆشـنبیرییەكان ڕەنگدانەوەی هەبوە. ئازایەتی لەناو كۆمەڵگای كوردیدا ڕێزلێگیراوە، خەڵك پێشـوازییەكی گەرمی لێدەكەن و كەسـی ئازا بە قارەمان ناوی دەهێنن، ئەمەش وایكردوە ئەم بەهایە هەمیشە بە زیندوی بمینێتەوە، پلەو پایەی لەناو كۆمەڵگادا بەرز ڕاگیرێت.

### 3- گەورە و بچوكی:

گەورەی و بچوکی یەکێکی دیکەیە لەو بەها کۆمەڵایەتی و کولتوریانەی تاکی کوردە کە لە باوک و باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە، هەمیشــــە تاکی کورد ئامۆژگاری دەکرێت کە ڕێز لە کەســـــانی لەخۆگەورەتر بگرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی ئاســتی ڕۆشــنبیری ئاســتی زانســتی. زۆرینەی جار کە گەورە قســـەی کردوە بچوک قســــەی نەکردوە، بە تایبەت لە ســــیســــتەمی خێڵایەتی، ئەمیش بەهۆی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی (عەبدوڵلا، 2022: 175).

بەڵام لە ئێســتادا و بەهۆی ئەم گۆڕانەی کە لە توخمەکانی کولتور ڕویداوە، تا ڕادەیەکیش لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکـان، لە خێزانـدا، ڕۆڵ و کـاریگەری ئەم بەهـایەی لاواز کردوە، بە تـایبەت لە کۆمەڵگـای شارنشینی، ئەمیش بەهۆی لاوازی پرۆسەی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و لاوازبونی کاریگەری پیاوی گەورە لەســــەر بچوک لەناو خێزان و لە نێو خزم و کەس، ئەمیش بەهۆکاری کرانەوەی کۆمەڵگا بەڕوی جیهـان و هەنگـاونـان بەرەو تـاکگەریی تـاکی کورد و پێشــــکەوتنی ئـامرازەکـانی ڕاگەیـانـدن و تەکنەلۆجیـاوە ســــەری هەڵـداوە، ئەمەش وایکردوە لە لایەن نەوەی نوێیەوە وەک نەوەی کۆن بـایەخی پێنەدرێت.

## 4- پیاوسالاری: (ڕەگەز)

ســیســتەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەســـەر بنەمای پیاوســـالاری بنیادنراوە، کە تیایدا ڕۆڵ و پێگەی یەکەم بە پیاو دراوە، بۆیە هەمیشــە پیاوان ڕۆڵی گەورەیان هەبوە لە بڕیاردان لەســـەر ئافرەتان لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا، تەنانەت لە پلەو پایەی ســیاســیش؛ هەر ئەمەشــە بوەتە هۆی ئەوەی بە چاوێکی کەمتر ســەیری ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و ســیاســییەکانی ئافرەتان بکرێت. ئەو پیاوانەی کە بنەمای پیاوســالاریان تێدا نەبوە، ســیفەتی ژنانەیان دراوەتە پاڵ، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی پێگە و ڕۆڵی پیاوی باڵا دەســـت بە بەرزی بمێنێتەوە، بەرامبەر بە پیاوانی بێ دەسەڵات.

بەڵام لە ئێســـتادا و بە تایبەت دوای ئازادکردنی عێراق لە ســـاڵی 2003 ئافرەتان بە لێشـــاو ڕویان لە ناوەندەکانی خوێندن کرد، بڕوانامە و خوێندن کاریگەری مەزنیان لەســــەر ژیانی ئافرەتانی کورد هەبو، بەجۆرێک ئەگەر خوێندن و بڕوانامە نەبوایە ئەســتەم بو دۆخیان باشــتر بێت و بتوانن تاڕادەیەک مافەکانی خۆیان بەدەســـت بهێنن، لە خوارەوە بە کورتی پەیوەندی خوێندن لەســـەر دۆخی ئافرەتان و کچانی کورد دەخەینە ڕو؛ کە بریتین لە:

1- دروســـت بون و بەهێز بونی ئاســـتی متمانە بەخۆبون، دروســـت بونی ئیرادەی بەرەنگاری، بەهۆی خوێندن و بەدەســتهێنانی بڕوانامەوە ئافرەتانی کورد توانیان لە چوارچێوەی ماڵ بێنە دەرەوە، ئەمەش بوە هۆی فراوانبونی جیهانبینی و ئەزمونیان.

2- بڕوانامە پشــتیوانی ئافرەتان بوە لە بەدەســتهێنانی بەشــێک لە پۆســت و بەپرســیاریەتی، وەرگرتنی نوێنەرایەتی گەل، ئەندام پەرلەمان، ســەرۆکی پەرلەمان، کادری باڵای ســیاســی. بۆ دۆزینەوەی بەهرە و تواناکانی ئافرەتان و بەدیهێنانی خەونەکانیان، چەندین ســـەندیکا و ڕێکخراوی بەرگریکار بۆ بەرگری لە مافەکانیان دروست بون.

3- خوێندن و بڕوانامە بوە هۆی ئەوەی ئافرەتان بتوانن کار و داهاتی خۆیان هەبێت، ئەمەش کاریگەری تەواوی هەبو لەســەر ژیانیان، چونکە ئابوری ســەربەخۆ پێگەی کۆمەڵایەتی ســەربەخۆ و بەهێز دروست دەکات، داهات بوە هۆی ئەوەی چاوکراوە بن بتوانن هاوســەری ژیانیان بە ئارەزوی خۆیان دەســتنیشــان بکەن، لەهەمان کاتدا، ترسیان لە لێکجیابونەوە کەمتر بێت.

4- جاران ئافرەتان لەماڵ بون پیاو بڕیاری دەدا کەی منداڵیان بێت و چەند منداڵیان بێت، بەڵام بە کارکردنیان لەدەرەوە و بەرزبونەوەی ئاســتی ڕۆشــنبیری، بونی ئەم هاوکێشــەیە گۆڕانی بەســەردا هات، ڕێگر بون لە وەچە خستنەوەی زۆر. ئافرەتان بە خوێندن و کارکردنەوە سەرقاڵ بون ئەمەش بوە هۆکاری کەمبونەوەی هاوسەرگیری پێشوەختە (ئەکرەم، 2019: 32).

## 5- ئاینی:

ســیســتەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی هەمو هەلێکی ڕەخســاندوە بۆ بەرهەمهێنانی تاکێکی ئیماندار، بۆ ئەمەش دامەزراوە ئایینییەکان بەشــێوەیەکی ڕەها ســـروتە ئاینییەکان دەبەخشـــن بە خەڵک، بۆیە بەها ئایینییەکان لە زۆرینەی وردەکارییەکان و بڕیارەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمەدا و لە ژیانی ڕۆژانەدا بونیان هەیە، جا چ لە ڕەفتار و هەڵســـوکەوتو بەجێگەیاندنی ســـروتە ئاینییەکان، چ لە کارلێک و قســـەکردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. لە هەمان کاتدا، پیاوانی ئاینیی لەشــێوازی ڕوخســـاری و جل و بەرگ وتاری هەینی و بۆنە و جەژنە ئاینییەکان تا بەجێگەیاندنی فەریزەکانی، ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەیە لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا، بە چاوی ڕێزەوە سەیر دەکرێ، لە سەرەوەی دیوەخانەکاندا دایان دەنێن، گوێ لە وتار و قسەکانیان دەگیرێت و لە پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری چالاکیان پێ دەکرێت (میران[3]، 2021: 37).

## 6- خزمایەتی:

خزمایەتی بەهایەکی گرنگی لە نێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکی کوردا هەیە، کە خۆی لە خزمایەتی خوێن و عەشیرەت و بنەماڵە و گرێبەستی هاوسەرگیری دەبینێتەوە، کە لە کاتی خۆشی و ناخۆشییەکاندا کاریگەرییەکەی بەدیاردەکەوێت، ئەمیش بە بەشداریکردنی لە خوان و بۆنە و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکانی وەک مردو ناشتن، تازیە، ژن گواستنەوە.. لەهەمان کاتدا، لە ناخۆشییەکانش زۆرینەیان هاوکاری یەکدی دەکەن، یاخود هاوخەم و هاوسۆزی ڕادەگەیەنن، بۆیە ئینتمای خزمایەتی هێشتا کاریگەری خۆی لەدەست نەداوە، سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییەکانی کە لە بنیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی ڕویداوە. (ئیبراهیم، 2014: 41).

## 7- ڕاستگۆیی:

ڕاستگۆیی بە بەشێکی گرنگی کەسایەتی دادەندرێت، مرۆڤی ڕاستگۆ خاوەن پێگەیەکی گەورەیە، ڕێز لە بیرو بۆچونەکانت دەگیرێت متمانەی پێدەکرێت (عەبدوالرحمان، 2009: 67).

ڕاستگۆیی بەهایەکی گرنگی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە، کەسانی ڕاستگۆ ڕێزلێگیراون و خەڵک بە ڕێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵ ئەنجام دەدات، دەبێتە ناسنامەی کەسەکە و کەسایەتی دیاریدەکات، بە پێچەوانەشەوە کەسانی درۆزن بە بێڕێزی سەیر دەکرێن و گرنگی بە قسەکانیان نادرێت، بە کەسایەتی لاواز سەیر دەکرێن و هەمیشە دەبنە گفتوگۆی نێو کۆر و دانیشتنەکان. بۆیە ڕاستگۆیی بەهای بەرزی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هەیە.

## بەشی چوارەم: تاوتوێکردنی دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

## 1- دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

1-1- بەپێی ئامانجی یەکەم، زانینی ڕۆڵی کولتور لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند بە دروستبونی کەسایەتی تاکی کورد، بەم دەرئەنجامە دەگەین: کە کەسایەتی تاکی کورد دەرئەنجامی پەروەردەی توخمی کولتوری کۆمەڵگایەکەیەتی؛ هەمیشە خۆی بەدور دەگرێت لە شکانی توخمە کولتورییەکانی، بەجۆرێک ئەگەر ئەم یاساو ڕێسایانەی کۆمەڵگای شکاند، توشی گرفت دەبێت، ئەگەر دوبارەی بکاتەوە ئەوا بە لادەر سەیر دەکرێت، بەم هۆیەوە کاریگەری دەخاتە سەر پایەی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگا و لەنێو خێزانەکەیدا؛ بەمەش توانیویەتی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئاکاریانەی خۆی بپارێزێت، کە لەسە بنەمای

چاکەیەکی بۆماوەیی بنیاد نراوە، وەستاوەتە سەر مێژوی دوری پەیڕەوکردنی، بێگومان ئەم ڕێسا ئاکاریانەش بابەتێکە ڕودەچێتە نێو هەناوی نەریتی کوردییەوە.

1-2- بەپێی ئامانجی دوەم، تێگەیشتن لە پەیوەندی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەند بە دروستبونی کەسایەتی تاکی کوردی، بەم دەرئەنجامە دەگەین: کە ئەم بیرۆکە چەسپاوانە بەپێی شوێنی نیشتەجێبونی تاکی کورد گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆیە دەبینین ڕوانگەی پیاو لەبەرامبەر ئافرەت گۆڕانی بەسەردا هاتوە، لە پێشوتر جێگەو شوێنی ئافرەت تەنیاماڵەوە بو، بەڵام لە ئێستادا دەرفەتیان پێدراوە، زۆرینەی ئافرەتان شانبەشانی پیاوان بەدوای دەرفەت و هەلی کارن، یاخود کاردەکەن. بەهۆی ئەمەوە کاریگەری لەسەر ئافرەتانی لادێکانیش دروست کردوە لە ژێر هەژمونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لەهەمان کاتدا، پیاوان وەک جاران تەنیا بڕیار بەدەست نیین، ئافرەتانیش خاوەن بیرۆکە و بڕیارن لە خێزاندا.

1-3- بەپێی ئامانجی سێیەم: ئاشنابون بە ڕۆڵی بەها کۆمەڵایەتییەکان پەیوەند بە دروستبونی کەسایەتی تاکی کورد، بەم دەرئەنجامە دەگەین: کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغی وەرچەرخان دایە، تیایدا چەندین توخمی کولتوری کۆن و تازە ئاوێتەی یەکدی بون، بەجۆرێک کە ڕەوشێکی کولتوری تەماوی ئاڵۆزین لەنێو ئەم کۆمەڵگایەدا داهێناوە، کەواتە بەهای کۆن و نوێ تێکەڵاو بون، ئەمەش بابەتێکی زۆر ئاڵۆزە، لە خێزاندا، ڕۆڵ و کاریگەری بەها کۆمەڵایەتییەکانی تاکی کورد لاواز بوە، بە تایبەت لە کۆمەڵگای شارنشینی، ئەمیش بەهۆی لاوازی پرۆسەی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و لاوازبونی کاریگەری قسەی گەورە لەسەر بچوک لەناو خێزان و لە نێو خزم و کەس، بەهۆکاری کرانەوەی کۆمەڵگا بەڕوی جیهان و هەنگاونان بەرەو تاکگەریی تاکی کورد و پێشکەوتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیاوە سەری هەڵداوە، ئەمە وایکردوە لە لایەن بایەخ و ڕێز بۆ بەها کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی کۆمەڵگای کوردی بایەخی پێنەدرێت.

## 2- پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:

2-1- هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری دایک و باوک لە کرداری پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، بەشداری و چاودێری لە لایەن دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت لە گەشەپێدان و ڕۆشنبیرکردنی دایک و باوک و دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزان. هەروەها بایەخدان بە توخمە باشەکانی کولتوری کۆمەڵگا بەهەردو ڕەگەزی ماددی و مەعنەوییەوە.

2-2- دەستنیشانکردنی هەڵەکانی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت لەلایەن دایک و باوکەوە لە ژێر چەتری کولتوری کۆمەڵگاکەمان، هەندێک هەڵە ئەنجام دەدرێت وەک: پەروەردەی دو لایەنەی منداڵ و جیاوازیی لە

نێوان کوڕ و کچ، یان پەروەردەکردن بە توندوتیژی، پەیوەستی زۆر، ڕەخنەگرتن بە هەڵچون و پشت بە ئافرەت نەبەستن، یاخود نەبونی پاداشت و سزا.

3-2- بایەخ بدرێت بە ڕێزگرتن لە بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگای کوردی ئەوانەی کە لەگەڵ پێشـــکەوتنی کۆمەڵگای مرۆیی ئەمڕۆمان دەگونجێت، ئەم بەهایانەی جوانن و پێگە و کەســـایەتی مرۆڤ دیاری دەکەن ڕێزیان لێبگیرێت، وەک: بەهای ڕاســتگۆیی و گەورە و بچوکی و ئازادی تاکەکەســی، ئەوانەشــی کە لەگەڵ پێشکەوتنی دنیای ئەمڕۆدا ناگونجێن، تاکەکانی کۆمەڵگای لێ هوشیار بکرێتەوە و فەرامۆش بکرێن.

## 3- ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

3-1- بایەخدانی زیاتر بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەســەر دەرخســتنی ڕۆڵی کولتور لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند بە دروستبونی کەسایەتی تاکی کورد بدرێت.

3-2- گرنگی بە ئەنجـامـدانی توێژینەوەی زیـاتر لەســـەر ڕۆڵی دایـک و بـاوک لە کرداری پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە ژێر چەتری کولتوری کۆمەڵگادا بدرێت.

3-3 ئەنجامدانی توێژینەوەی زانســـتی زیاتر لەســـەر دابونەریت و خوە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەند بە دروستبونی کەسایەتی تاکی کورد ئەنجام بدرێت.

3-4- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی زیاتر لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکانی تاکی کورد ئەنجام بدرێت.

# The Relationship of Culture with the Formation of Kurdish Individual Personality

**Saleem Patros Elias[1] - Rzhgar Saadi Sabir[2]**

[1+2]Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This research is entitled (The Relationship of Culture with the Formation of Kurdish Individual Personality). It is theoretical research. For the purpose of knowing the relationship of cultural aspects such as tradition and social value on the formation of the Kurdish individual personality. culture has a major role on forming the Kurdish individual personality. They can generate an individual that they want, since value, direction, norm, and tradition are the measures that help individuals in the form of general culture of society so as to adjust with the environment that live in it.

The problem of the study is that the Kurdish individuals have been lived in instable society along the history, because of that they could not carry out their special intentions. Besides, they were not able to make a decisive decision concerning the variations' process of cultural aspects.

The significance of the research is to indicate the role of culture on the behaviour of Kurdish individual's reaction and tied relationship. Meanwhile, the most significant aim of the study was indicating the role of tradition and social values on the behaviour of Kurdish individuals.

The most significant result of the study was the complication of Kurdish society's social system. The Kurdish individuals have always distanced itself from breaking its cultural aspects, as if it breaks the rules and laws of society, it will face difficulty. If it repeats again, It will be looked as a lawbreaker, so it will make an impact on social values inside community and family as well.

The most important recommendation for the future researchers is that they should do more studies on traditions and social values related to the formation of the Kurdish individual personality. Moreover, they should pay more attention to more scientific studies Kurdish individuals' social values.

**Keywords:** Culture, Personality, Tradition, Value.

## سەرچاوەکان

ئەبراش، ئیبراهیم. (2013)، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی، دیدار ئەبوزێد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ئەکرەم، سورێن (2019)، فێمێنیزم و جێندەرناسی، چاپ، زانکۆی لبنانی فەرەنسی، هەولێر.

حەسەن، محەمەد فەریق (2020)، تایبەتمەندی تاکی کورد، چاپخانەی تاران، سلیمانی.

شوانی، محەمەد. (2015)، سەرەتایەک بۆ توێژینەوە لەکۆمەڵناسیدا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

عەبدوالجەواد، ئەحمەد ڕەفعەت (2020)، بنەماکانی کۆمەڵناسی، وەرگێرانی، توانا فەرەیدون، چاپخانەی مێخەک.

عبدالرحمان، شیلان عثمان (2009)، کارابونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

عەبدوڵلا، سامان (2022)، کردەی ئاخاوتەیی لە پەیوەندی و دابونەریتی کۆمەڵایەتیدا، چاپخانەی ئەمەزۆن، هەولێر.

قادر، سەرۆ (2021)، کولتور و کێشەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

میران[1]، ڕەشاد. (2010)، چەند بابەتێکی ئیتنۆ کۆمەڵایەتی، چاپخانەی خانیٚ، دهۆک.

میران[2]، ڕەشاد. (2012)، مەعریفەو تاک و کۆمەڵ لەڕوانگەی سۆسیۆلۆگیای مەعریفەوە، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

میران[3]، ڕەشاد. (2016)، چەند بابەتێکی ئیتنۆ کۆمەڵایەتی، گوتار، توێژینەوە، وەرگێران، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

میران[4]، ڕەشاد (2021)، مرۆڤناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

وەردی، عەلی (2015)، کەسایەتی تاکی عێراق، وەرگێڕان، گەرمیان محمد ئەحمەد، چاپخانەی گەنج، سلیمانی.

ابراهيم، عبدالستار (1987)، أسس علم النفس، دار المريخ للنشر، رياض.

أسماعيل، محمد و أخرون (1994)، كيف تربى أطفالنا، التنشئه الاجتماعية للطفل، دار النهضة المصرية، قاهرة.

الجسماني، عبد علي (1994)، علم النفس و التطبيقات الاجتماعية و التربوية، دار العربية للعلوم، بيروت.

الداوي، غالب عەلي (2004)، مدخل الى علم القانون، دار الوائل للنشر، عمان.

ربيع، محمد شحاتة (2013)، علم نفس الشخصية، ط1، دار المسير للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

الرشدان، عبداللة (1999)، علم الاجتماع و التربية، دار الشرق، عمان.

الزلياني، محمد (1973)، مدخل للدراسات الانثروبولوجية، دار النهضة المصرية، قاهرة.

فرۆم، أريك (2007)، الأنسان من أجل ذاتة، ترجمة محمود الهاشمى، ط١، قاهرة.

كوش، دنيس (2007)، مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ترجمة منير السعيداني، ط١، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

النيل، محمود السيد (2009)، علم النفس الإجتماعى، ط١، مكتبه الأنجلو المصرية، قاهرة.

ئیبراهیم، لانە ئاراس (2014)، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتوری دانیشتوانی ناحیەی بازیان، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوەتەوە، پێشکەش بە کۆلیژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر کراوە.

حسین، یوسف حسن (2021)، ئاستەنگەکانی گەشەسەندنی کولتوری لە هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوەتەوە، پێشکەش بە کۆلیژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر کراوە.

عبداللة، اسو ابراهيم (2003)، السمات القومية للشخصية الكردية، اطروحة دكتوراه، غير المنشورة، مقدمة الي كلية للعلوم الانسانية، قسم علم الأجتماع في جامعة السليمانية.

دزەیی، ئارام ابراهیم (2022)، خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانە بۆ کولتور، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی 9، ژمارە 2.

Allport, Gordon (1961), *Pattern and Growth in Personality*, by Holt, Rinehart and Winston, New York.

Benedict, Ruth (1935), *Pattern of Culture*, kegan paul, LTP, London.

Barnard, Alan and Spencer, Jonathan (2008), *Encyclopedia of Social and Cultural Anthropology*, first publish, Routledge, London & New York.

Schultz, Duane P and Schultz, Sydney Ellen (2017), *Theories of Personality*, Eleventh Edition, United States.

Hegel ,Georg Wilhelm Friedrch (1990), *Lectures on The History of Philosophy*, Translated by R. F. Brown and J. M. Steward with the assistance of H. S. Harris, University of California Press.

Ryckman, Richard M (2006), *Theories of Personality*, Ninth Edition, United States.

Kroeber and Clyde kluchohn (1952), *Culture a Critical R eview of Concepts and Definitions*, Originally published ,New York.

Marx ,Karl and Engels, Frederick (1974), *The German Ideology*, Edited and with Introduction by C.J. Arthur, London.

1- Dingelo, Robin (2016), *Socialization,* jstor, Vol. 497.